# نانەکەت بخۆ ، خواچاکی کا

( بەشی یەکەم )



حاجی ئەنوەر 06.2005

ئەمە ئەو ڕستەیەیە کە ڕۆژانە دەکەوتە بەرپەردەی گوێچکەی زۆربەی پێشمەرگە ، کەدەڵێم پێشمەرگە مەبەستم لە پێشمەرگە ئەومرۆڤە خۆبەخش و هۆشیارانە بوو کە بەئاگاییەوە چەکیان وەک هۆکارێک لەهۆکارەکانی بەرەنگار بوونەوە و ڕووەو ڕزگار بوون دەناسی ، پێشمەرگە نەمووچەخۆرو نە کاسەلێس ونە دەستەمۆش بوو بەڵکو مرۆڤێکی سرکی هەست ناسک و چاوکراوە و گوێ قوڵاخی بەرپەرچدەرەوەی ناهەقی بوو . ئەوان وازیان لە هەموو خۆشیەکانی ژیانیان هێنا لە خۆشترین و لەبارترین کاتێکدا کە دەبوو بنیاتی ژیانی تایبەتی خۆیان بکەن ، بەڵام هەست ناسکی و هەستکردن بەو بەرپرسیە گەورەیەی کە ئەرکی سەرشانیان بوو خۆیان لەو مافە سروشتیە بێبەش کرد و ڕێگایی شەونخونی و برسێتی و مقاوەمەتیان هەڵبژارد . هەبوون و هەن کە پێیان دەوترا و پێیان دەوترێ پێشمەرگە ، کەمن بەشبەحاڵی خۆم زۆردەمێکە لەوەگەیشتوم کە هەمووچەک بەشانەکانی شاخ پێشمەرگەنەبوون و هەموو چەک لەشانەکانی ئێستاش پێشمەرگەنین !!!! جیاوازی پێشمەرگەی دوای هەرەس لەپێشمەرگەی پێشتر لەوەدابوو کە دووەم سیمایەکی چینایەتی لەخۆی نیشان دەداو خۆیی بەهەڵگری ئاواتە گەورەکانی هەژاران و ڕەنجدەران پێناسەدەکرد وبەرنامەی لانی کەمیان پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ستەمدیدەکانی کوردستان بوو ، هەربۆیە دەتوانین بڵێین هەموو ئەوچەکدارانەی کە لەو چوارچێوەیە دەرچوون بە پێشمەرگە نەناسرێت و هەموو ئەوچەکدارانەی کە ڕۆژێک لەڕۆژان لوولەی چەکەکەی کردوەتە سنگی چەکدارێکی تری وەک خۆیی کە ئەویش پێی وابووە لەڕێگایی حیزبەکەی خۆیەوە دەتوانێت بگاتە ئاواتە پیرۆزەکانی گەلەکەی ، هەموو ئەوانەی کەڕۆژێک لە ڕۆژان بیرێکی واهاتبێت بە خەیاڵیا کە چکۆلانەترین ئازار بەگەلەکەی بگەیەنێت ، هەموو ئەوانەی کە پێیانوابووبێت گەل قەرزار باریانەو دەبێت لە سەرووی گەلەوە بن ، هەموو ئەوانەی کە حیزب و سەرانیان بە ئامانج دەناسن !!!! پێشمەرگە نین و بەڵکو چەکدارێکی بەکرێگیراون بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی مشەخۆران و بازرگانانی شەڕ . ئەم پێوانەیەی لەو ڕوانگەیەوە دێت کە پێشمەرگە ئەو چەکدارە هۆشیارە خۆبەخشەیە کە پارێزەری بەرژەوەندیە بالاکانی گەلە . بەداخەوە ناهۆشیاری ( بەمانا مرۆڤ دۆستیەکەی) و چاوچنۆکی وپاوانخوازی سەرانی حیزبەکان هەرلەدێرزمانەوە ووشەی و کەسایەتی پێشمەرگەیان لەناو بردو توانیان زاڵ ببن بەسەر بیروهۆشی ژمارەیەکی زۆری ئەو

خۆبەخشانەی کە هەڵگرو پارێزەری ئاواتەکانی گەل بوون ، ئەوەش لە ڕێگایی سڕینەوەی مێشک و هزری ئەوکەسانەی کە بە دڵێکی پڕلەئاواتەوە پەناییان بردە لەوجۆرە لەخەبات کردن یان درێژەدان بە خەباتی ناوشارەکانیان ، کە ژمارەیەکی زۆر زۆریان بوونە قوربانی شەڕێکی ناڕەوایی دوورلەبەرژەوەندی گەل و بیروباوەڕەکانیان .

دوایی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان .
سەرانی حیزبەکان بە سودوەرگرتن لەو ناوەخۆشەویستەی پێشمەرگە ، درێژەیان بەهەمان سیاسەتی چاوچنۆکی وپاوانخوازییەی جارانیان داو ناوی پێشمەرگەیان ئەوەندەی تر زەقکردەوەو لەئەنجامی سیاسەتی برسی کردنی خەڵکی ( تجويع شعب ) پۆل پۆل لاوانی کورد ڕویان کردە کاسپی چەکداری کە دەستمایەی مادی نەدەویست و هەم پارەی باش و هەم بەشەخواردنی زۆرو هەم ناوێکی خۆشنێوی لەگەڵدا بوو کەناوی پێشمەرگەبوو . بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەموو ئەوانە چەکدارێکن کە لەپێناوی پەیداکردنی پاروەنانێک بۆسفرە بەتاڵەکانیان بەناچاری پەناییان بردە بەر ئەو کاسپیە کە بەداخەوە زۆریان بوونە قوربانی و غەموپەژارەشیان بۆ کەسوکاریان بەجێهێشت و سەروەت و سامانی گەلیش بوون بەناهەق بەهەدەر بران . ساڵی 1991 دوای ڕەوە تراژیدیاکەی خەڵکی کوردستان سەردانێکی پێنجوێنم کرد و برادەرێکی خوێندەواری کۆنی خۆمم بینی گەیی ئەوەم لێکرد بۆلێرە بەدیار کەپرە برنجەوە دانیشتوی و خۆت دەلێسیتەوە ، خەڵکێکی زۆر گەڕاونەتەوە بۆ شارەکان و بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراق هێزی موشتەرەکیان داناوەو جموجوڵی سیاسی و